# راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و چەند پێشنیارێک بۆ پەرەپێدانی

هۆشمەند زەید عوسمان*

زۆربەی ئەو باس و لێدوانانەی دەربارەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لەو چەند ساڵەی رابووردوو کراون، جەختی سەرەکییان خستۆتە سەر دوو خاڵ: راگەیاندنی حزبی و راگەیاندنی بێلایەن. هەرچەندە هەردووکیان گرنگن، بەڵام دواکەوتنی لایەنێکی هەرە گرنگی تری راگەیاندن وایکردووە کە ئەو راگەیاندنە، حزبی یان ناحزبی بێت، بۆی نەکرێت لە هەمان ئاستی راگەیاندنە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا خۆی بنوێنێ . ئەو لایەنەش راگەیاندنی پیشەییە کە لە ناوەرۆک و روخسار و ستراتیجییەت دارِشتندا، پابەند دەبێت بە ستاندەردی جیهانی . گرفتی سەرەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لاوازیی توانای پیشەیی و کەمی روانگەی هاوچەرخی ستراتیجیەتدارو هەژاریی ناوەڕۆکیەتی، بەتایبەتی راگەیاندنی تەلەفزیۆنی .ئەمەش بێگومان سەرەڕای جوهدی دڵسۆزانەی کادرانی راگەیاندن لە کوردستان .

پێشکەوتنی ئەمڕۆی باری سیاسی و ئابووری هەرێم وایکردووە کە پەرەپێدانی راگەیاندنێکی هاوچەرخ کە لە ئاستی راگەیاندنە پێشکەوتووەکانی ناوچە و جیهاندابێ، ببێت بە یەکێک لە پێویستییە هەرە گرنگەکان . ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە چەند کەناڵێکی راگەیاندنی پێشکەوتوو هەیە بۆ بەشداریکردن لە کرداری بنیادنانی وڵات و بینینی دەورێکی پەروەردەیی و فەرهەنگی و سیاسی لەناو کۆمەڵدا . هەروەها پێویستی بە کەناڵێکی پێشکەوتووی بە زمانی عەرەبی هەیە کە لەلایەنی کەمەوە دەبێت لە ئاستی کەناڵە عەرەبییە پێشکەوتووەکاندا بێت، ئەگەر لەوان باشتر نەبێت؛ ئەمەش بەمەبەستی باشتر ناساندنی کرداری سیاسی و ئابووری کە ئەمڕۆ لە کوردستان ئارادایە بە رای سیاسی و گشتی عەرەبی . کەناڵی پێشکەوتووی ئەوتۆ دەتوانێ دەورێکی گرنگ بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ئابووری لەلایەن وڵاتان عەرەبی، بەتایبەت وڵاتانی کەنداو بگێڕێت . لەلایەکی ترەوە بە کردنەوەی راگەیاندنی تجاری، راگەیاندن دەتوانێ ببێ بە ئامرازێکی ئابووری و دارایی گرنگ.

جگە لە لاوازی توانای پیشەیی، نەبوونی چوارچێوەکی یاسایی و دەزگایەکی دەسەڵاتداری یاسایی تایبەت بۆ رێکخستنی راگەیاندن، بۆتە کاریگەرێکی گرنگی تر بۆ دواکەوتنی پەرەپێدانی راگەیاندنی هاوچەرخ لە کوردستان.

لە سێ بواری گرنگدا راگەیاندن لە کوردستان پێدەچێ لاوازی بنوێنێ. یەکەمیان کەمی کارمەندی شارەزاو تایبەتمەنددار و، لاوازیی روانگەی هاوچەرخ بۆ راگەیاندن . دووەمیان نەبوونی میکانیزمی تەمویلی رەسمی بۆ بەدەستهێنانی توانای پیشەیی و هاندانی راگەیاندنی تجاری . سێیەمیان نەبوونی دەزگایەکی یاسایی دەسەڵاتداری هاوچەرخ، تایبەت بۆ رێکخستنی راگەیاندن.

بە چارەسەرکردنی ئەم سێ ئاستەنگە سەرەکییانە، بناغەی پەرەپێدانی راگەیاندنی هاوچەرخ و پیشەیی دەکرێ دابمەزرێت لە کوردستاندا . رێگەچارەی گونجاو دەکرێت لە چوارچێوەی ستراتیجییەتێکی سەرانسەری و دەستنیشانکردنی جەدوەلێکی زەمەنی بگردرێتە دەست.

**گرفتی کەمیی ستافی لێهاتوو و لاوازیی روانگەی پیشەیی و هاوچەرخ.**

ئەمە یەک لە گرفتە سەرەکیەکانن . لاوازیی پیشەیی و کەم شارەزایی بەڕادەیەکی دیار لە میانەی کادران و کارمەندانی راگەیاندن بەدیدەکرێن. ژمارەی کادرو کارمەندی موختەس لە بوارەکەی خۆی زۆر کەمن .

لەو سێ ساڵەی رابردوو کە زۆربەی کاتم لە کوردستان بردۆتە سەر، هەر زوو توانیم وێنەیەکی تەواو لەسەر باری راگەیاندن بەدەستبهێنم و کەموکورتییەکانی ببینم . زوو گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بۆ ئامادەکردنی کادری لێهاتوو، راهێنانی کارمەندان لە بوارە جیاکانی راگەیاندن، کە زۆر پێویستە، بەتەنیا کافی نییە . لەبەر لاوازیی روانگە و فەرهەنگی راگەیاندنی هاوچەرخ کارمەندان و کادرانی راگەیاندن بۆیان سەختە ئەو زانیارییانەی کە لە راهێنان فێریدەبن، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو وپیشەیی بەکاریبێنن.

کەواتە چ چارەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی وتوانای کاری کادرانی راگەیاندن، لەکاتێکدا کە راهێنان بەتەنیا کافی نەبێت؟ بێگومان لەو بارەوە دەبێت شان بەشانی راهێنان، هەڵومەرج و شێوازی تر بەکاربێت تاوەکو لەگەڵ فێربوونی "زانستی راگەیاندن"، کارمەندان ببن بە خاوەن روانگە و فەرهەنگی راگەیاندنی هاوچەرخ . بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە، ئەمەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

**یەکەم:** دامەزراندنی دەزگایەکی پیشەیی بۆ راگەیاندن .ئەم ناوەندە، کە بەر لە هەموو شتێک هەڵدەستێت بە دارِشتنی ستراتیجییەتی پەرەپێدانی راگەیاندن لە کوردستان، وەکو ناوەندێکی راهێنانی پیشەیی و راوێژکاری بۆ پەرەپێدانی راگەیاندنی پیشەیی لە هەرێم کاردەکات . ئامانجی سەرەکی ئەم دەزگایە بریتی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی راگەیاندن، بەتایبەتی راگەیاندنی تەلەڤزیۆنی بۆ هەمان ئاستی کەناڵە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان .ئەم دەزگایە دەبێت لەلایەن شارەزایانی راستەقینەی راگەیاندن بەڕێوەبچێت، بە ئالیکاری لەگەڵ یەکێک لە ناوەندەکانی جیهانی بۆ راهێنان. ئەم دەزگایە هەڵدەستێت بە کردنەوەی کۆرسی دوو ساڵە بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان . ئامانجی بەرنامەی خوێندن نەک هەر فێرکردن دەبێت بەڵکو چاوکردنەوەشیان لەسەر دواترین تەکنەلۆجیای راگەیاندن دەگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەبێت و بەشێکیش لە مامۆستایان لە دەرەوەی وڵات پێویست دەبێت، بێن. ئەم دەزگایە دەتوانێت هەڵسێت بە سەرلەنوێ رێکخستنەوەو راهێنانی ستافەکانی دەزگاکانی راگەیاندن و دانانی یەک یا دوو راوێژکاری شارەزای بیانی، یان کادری کوردی لێهاتوو لە هەر بەشێک لە بەشەکانی دەزگاکانی راگەیاندن، تا ئەو کاتەی ستافە ناوخۆییەکە دەگاتە ئاستی پێویست. هەروەها دەتوانێ راوێژکاری و ئاراستەکردنی پیشەیی بۆ ئەو راگەیاندنە نوێیانەی کە دادەمەزرێن پێشکەشبکات و راگەیاندنی تجاری هانبدات.

**دووەم:** گۆڕینی فەرهەنگی دامەزراندنی کادران . پێویستە ئەولەویەت بە ئاستی پیشەیی بدرێت لە کاتی تەعینکردنی کارمەندان. ئەگەر ئەمە زەحمەت بێت ئەوا دەبێت ئەولەویەت بە ئاستی پیشەیی بدرێت لە میانەی حزبییەکان.

ئەمڕۆ لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دوو جۆرە کادری پیشەیی بەدیدەکرێن، هەردووک یەکجار کەمن، بەڵام ئێجگار پێویستن بۆ کوردستان، نەک هەر بۆ کەرتی راگەیاندن بەڵکو بۆ هەموو کەرتەکانی حکومی و ئەهلییەکان. یەکەمیان ئەو جۆرە کادرەی ناوەوەیە کە لە دیدی پیشەیی لێهاتووەو

**تەنیا ئەو پرۆژانە تەمویل دەکات کە ستاندەردی پیشەیی پەیڕەودەکەن**

**ئالییەتی تەمویلی رەسمی دەکرێ دروستببێت بە دامەزراندنی (هۆبەی پەرەپێدانی راگەیاندن) یا لە وەزارەتی رۆشنبیری، یا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت**

کارکەرەو لە هەمان کاتدا چاوی لەسەر دونیای دەرەوە بەڕادەیەکی باش کراوەتەوەو ئاگاداری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پیشەیی وڵاتانی پێشکەوتووە . دووەمیان ئەو کادرەی دەرەوەیە کە کادرێکی لێهاتووەو ئەزموونی پیشەیی چەند ساڵەی لە دامودەزگاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە و، لە هەمان کاتدا واقیعەکەی کوردستان تێدەگات و بە سنگفراوانی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەو دوو جۆرە کادرە، کە تەواوکەری یەکترن، لە دەرەوەو لە ناوەوە زۆر کەمن . هەر بۆیە پێویستە دامودەزگاکانی کوردستان بیاندۆزنەوەو سوودی گەورەیان لێ ببینن.

**نەبوونی میکانیزمی تەمویلی رەسمی و راگەیاندنی تجاری**

راگەیاندنی تجاری ئەو راگەیاندنەیە کە لە رێگای رێکلام و کڕینی مافی پەخشکردنی بۆنەی ناوچەیی و جیهانی (وەکو مۆندیال و یاری تر) تەمویلی خۆی دەکات. راگەیاندنی تجاری هێشتا لە کوردستان، بە واتا پیشەییەکەی، سەری هەڵنەداوە، هەرچەندە کە ژمارەیەک لە کۆمپانیا بازرگانییەکانی ناوخۆ لە راگەیاندن رێکلام بۆ بەرهەمەکانیان دەکەن، کە بۆتە سەرچاوەیەکی دارایی کەم بۆ رۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.

بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەی مارکەکانی جیهانی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە راگەیاندن ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەن، رۆژنامە، یا کەناڵەکانی رادیۆ یا تەلەفزیۆن دەبێت ژمارەیەکی بەرزیان هەبێت لە خوێنەر و گوێگر و بینەر. لەسەر بنەڕەتی ئەو ژمارەیە و ئاستی ژیانی ئابووری وڵات ئاژانسی رێکلام (فەزای تجاری) لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەکرێت . ئامارکردن و دراسەتکردنی جەماوەری هەر راگەیاندنێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، لەلایەن دەزگای سەربەخۆی ناحکومی، ئەنجامدەدرێت .بۆ ئەوەی کەناڵی راگەیاندن بگات بە ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، دەبێت باشترین جۆرە ناوەرۆک و روخساریان نیشان بدات، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە خەڵک لە رێگای سەتەللایت و ئینتەرنێتدا، دەتوانن باشترین و پێشکەوتووترین کەناڵی تەلەفزیۆن ببینن و باشترین رۆژنامە بخوێننەوە یا رادیۆ گوێبگرن.

راگەیاندنی تجاری لە کوردستان سەرەتا پێویستی بە ئالییەتێکی تەمویلی رەسمیی، یان هی کەرتی تایبەتی هەیە تا سەرهەڵبدات . تا ئێستا تەنیا سەرچاوەی تەمویلی رەسمی لە کوردستان ئەو بڕە پارە کەمەیە کە (بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق)ی ئەمریکی لە هەولێر، بەشێوەیەکی هەڵبژاردە دەیدات، وەکو یارمەتی بۆ کەناڵە راگەیاندنە نوێیە ناحزبییەکان بۆ دەستپێکردن یا پەرەپێدان.

ئالییەتی تەمویلی رەسمی دەکرێ دروستببێت بە دامەزراندنی (هۆبەی پەرەپێدانی راگەیاندن) یا لە وەزارەتی رۆشنبیری، یا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت. ئەم هۆبەیە، کە دەبێت لە لایەن شارەزایانی راستەقینەی راگەیاندن بەڕێوەبچێت، تەنیا ئەو پرۆژانە تەمویل دەکات کە ستاندەردی پیشەیی پەیڕەودەکەن. لیژنەیەکی چاودێری پیشەیی و داراییش بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەکات.

**نەبوونی دەزگایەکی یاسایی بۆ رێکخستنی راگەیاندن**

لە هەموو کاتێک زیاتر راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەسەڵاتێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیدا کاری خۆی ئەنجامبدات. یاسای پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ سەبارەت بە راگەیاندن جەخت لەسەر ئازادی رادەربڕین دەکات . بەڵام بێگومان ئەمە بەتەنیا کافی نییە .راگەیاندن پێویستی بە چەند یاسایەک و دەزگایەکی رێکخستن هەیە کە دەستنیشانی (کۆدی خووڕەوشتی رۆژنامەوانی) و سنووری ئازادی سیاسی و ئایدیۆلۆجیا و دینی و کۆمەڵایەتی دەکات و مافی رادەربڕین لە چوارچێوەی یاسادا دەپارێزێت . بێگومان دەسەڵاتی دەزگایەکی ئەوتۆ دەبێت راگەیاندنی هەموو قەوارە حزبی و نا حزبییەکان بگرێتەوە .

ئەگەر زەحمەت بێت ئێستا راگەیاندنی بێلایەن بێتە کایەوە لە هەرێمی کوردستان، لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت کە راگەیاندنی نزیک لە حزبی سیاسی، نەک بەناوی حزبی سیاسی، بێتە کایەوە .ئەمەش وەکو زۆر لە وڵاتانی رۆژاوا، کە کەناڵە سەرەکییەکان بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە سیاسەتیان نزیکە لە حزبە سیاسییە جیاجیاکانی وڵاتەکە، بێئەوەی کەناڵەکە هی حزبەکە بێت .بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هەموو ئەو کەناڵانەی راگەیاندن، بەشێوەیەکی یەکسان، ملکەچن بۆ رێنمایی یاسای وڵاتەکە، کە تایبەت بۆ راگەیاندن داندراوە .هەریەکەش لەم راگەیاندنانە، بە ئاستی جیا سوود لە سیستەمی (تمویل)ی رەسمی یا تجاری وڵاتەکە وەردەگرن لە سەر بنەڕەتی ژمارەی جەماوەریان.

لە وڵاتانی رژێمی دیموکراتی، دەزگای چاودێری یاسایی راگەیاندن، کە چاودێری کەناڵەکانی راگەیاندن دەکات لە بواری پابەندبوونیان بە رێنماکانی راگەیاندن، دەزگایەکی بە رەسمی بێلایەنە .لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەزگایەکی ئەوتۆ کە سەربەخۆبێت لە حکومەت، بەڵام لە ئاستی وەزاری بێت لە عێراق لە دوای شەڕی ٢٠٠٣ دامەزرا.

پێشکەوتنەکەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەکی ئەوتۆ هەیە . ئەم دەزگایە یا هەیئەتە، کە دەبێت پێکبێت لە خەڵکی شارەزا، دەکرێ وەکو یەکەم هەنگاو بە بڕیاری پەرلەمان دابمەزرێت . ئەم هەیئەتە هەڵدەستێت بە دارشتنی رێنمایی یاسایی بۆ راگەیاندن کە پێشکەشی پەرلەمانی دەکات بۆ گفتوگۆکردن و دەنگدان . دواییش دەسەڵاتی دەدرێتێ لەلایەن پەرلەمانەوە تا دەست بەکارەکانی خۆی بکات . بێگومان ئەم هەیئەتە پێویستی بە توانای پیشەیی بەرز هەیە .

بەکورتی ...

باری ئەمڕۆی کوردستان، کە لە جەرگەی کرداری بنیادنانی وڵاتدایە، پێویستی بە شێوە راگەیاندنێک هەیە کە بەشداری ئەو کردارە دەکات و وادەکات ناوچەکە و جیهان گوێی لێبگرن . بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێت راگەیاندنێکی پیشەیی و هاوچەرخ بێتەکایەوەو هەموو ئیمکانیاتێکیش بخرێتە کار بۆ ئامادەکردنی نەوەیەکی پسپۆر لە شارەزایانی راگەیاندن.

**(*) پسپۆر لە بواری ستراتیجییەتی پەرەپێدانی ناوەرۆکی راگەیاندنی تەلەڤزیۆنی، هۆشمەند زەید عوسمان ئەزموونی پیشەیی لەماوەی پانزە ساڵی رابردوو، لە رێگای کاری لەگەڵ چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەوروپی و ئەمریکی (وەکو بی بی سی و کەناڵ پلوس و کەناڵی چواری بریتانی) بەدەستهێناوە .رۆژنامەنووسی کوردی لە عێراق لە نێوان دوو جەنگی جیهانی بابەتی لێکۆڵینەوەی ماجستێرەکەی بووە کە ساڵی ١٩٨٧ لە فەرەنسا لە ناوەندی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە پاریس پێشکەشی کرد و، چەندین کۆرسیشی لە بواری راگەیاندنی تەلەفزیۆنی لە ئەمریکاو فەرەنسا خوێندووە . لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٨٣، لەگەڵ ئەنستیتوی کوردی پاریس تا ناوەڕاستی نەوەدەکان وەکو لێکۆڵەرەوە و نوێنەری راگەیاندن هاوکاریکردووە.**

**بۆ ئەوەی مارکەکانی جیهانی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە راگەیاندن ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەن، رۆژنامە، یا کەناڵەکانی رادیۆ یا تەلەفزیۆن دەبێت ژمارەیەکی بەرزیان هەبێت لە خوێنەر و گوێگر و بینەر**